هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة الإدارية و المالية
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە: ٢٣٤١ No:
ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی Date:
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١)
## هەمواری ڕێنمایی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, لە زانکۆکان و دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان

پاڵپشت بە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ و, ئاماژە بە تەوەرەی دووەم/ ڕێنمایی جەنابی وەزیر وبابەتە گشتیەکان/ بڕگەی (٤) لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ بەجێهێنرا و, لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/٢٢) و (٢٠٢٠/١١/٢٢) و (٢٠٢٠/١٢/٢٢)، بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

### فەسڵی یەکەم:
### مەرجەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی
### مادەی یەکەم: پلە زانستییەکان لە هەرێمی کوردستان

پلە زانستییەکان لە هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

١. مامۆستای یاریدەدەر (Assistant Lecturer)
٢. مامۆستا (Lecturer)
٣. پرۆفیسۆری یاریدەدەر (Assistant Professor)
٤. پرۆفیسۆر (Professor)

### مادەی دووەم: مەرجەکانی پێدانی پلەی زانستی مامۆستای یاریدەدەر

- پلەی زانستیی (مامۆستای یاریدەدەر) بە پێی ڕێنمایی پێدانی پلەی زانستی کارپێکراو دەدرێت.

### مادەی سێیەم: مەرجەکانی پێدانی پلەی زانستی مامۆستا

پلەی مامۆستا بە دوو ڕێگا دەدرێت:

ڕێگای یەکەم:

١. بڕوانامەی دکتۆرا یان هاوتاکەی هەبێت، کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکسانکردنی بۆ ئەنجام درابێت.
٢. لە دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دامەزرابێت و, وانە بڵێتەوە و, توێژینەوە بکات.
٣. بەشداریی خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کردبێت و, تێیدا دەرچووبێت.
٤. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزیی بەدەستهێنابێت، هەروەک لە ڕێنماییە کارپێکراوەکان هاتووە.
٥. تاقیکردنەوەی پێدانی نازناوی زانستیی کردبێت و, تێیدا سەرکەوتوو بێت.
٦. ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی پێدانی پلەی زانستیی (مامۆستا), دەبێتە ڕێکەوتی شایستەبوونی وەرگرتنی پلە زانستییەکە.

Kurdistan Region, Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
sa.directorate@mhe-krg.org
هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەکی کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
Phone: ٠٦٦ ٢٥٦٢٢٩٦

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
ة التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة الإدارية و المالية
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارە: ٤٣٤١
Date: ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی


٧. ئەگەر بەر لەوەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، پلەی زانستی مامۆستای یاریدەدەری وەرگرتبێت و، بەشداریی خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی کردبێت ، پێویست بە خاڵەکانی ٣و٤و٥ ناکات.

**ڕێگای دووەم:**

دەبێت مامۆستای یاریدەدەر بێت لە یەکێک لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، بە وانەوتنەوە بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و، لەو ماوەیەدا بەلایەنی کەمەوە، دوو توێژینەوەی بە نرخ (قیم)ی لە گۆڤاری زانستیی مەحکەم بڵاوکردبێتەوە و، لە یەکێک لە توێژینەوەکان دا توێژەری یەکەم بێت.

**مادەی چوارەم: مەرجەکانی پێدانی پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

مەرجە ئەو کەسەی پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەری پێدەدرێت، لە پلەی مامۆستایی کاری کردبێت، لە یەکێک لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، بە وانەوتنەوە بۆ ماوەیەک لە (٤) ساڵ کەمتر نەبێت و، لەو ماوەیەدا بەلایەنی کەمەوە سێ توێژینەوەی بە نرخ (قیم)ی لە گۆڤاری زانستیی مەحکەم بڵاوکردبێتەوە. بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، مەرجە یەکێکیانی بە تەنیا بەجێهێنابێت و، بۆزانستە پەتیی و پزیشکییەکان ئەگەر هەموو توێژینەوەکان هاوبەش بوون، ئەوا پێویستە بەلایەنی کەمەوە، یەکێک لە توێژینەوەکان لە گۆڤارێک دا بڵاوکردبێتەوە کە فاکتەری کاریگەری impact factor هەبێت لە (Clarivate Analytics)، یان ( Site Score) ی هەبێ لە (Scopus).

**مادەی پێنجەم: مەرجەکانی پێدانی پلەی پرۆفیسۆر**

مەرجە ئەو کەسەی پلەی پرۆفیسۆری پێدەدرێت، بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنابێت و، لە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر کاری کردبێت، لە یەکێک لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، بە وانەوتنەوە بۆ ماوەیەک لە (٦) ساڵ کەمتر نەبێت و ژمارەیەک توێژینەوەی لە گۆڤاری زانستیی مەحکەم بڵاوکردبێتەوە، کە بەلایەنی کەمەوە لە شەش توێژینەوە کەمتر نەبن، سێ توێژینەوەیان ڕەسەن – اصیل – بن . بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، مەرجە، یەک لە توێژینەوە ڕەسەنەکان بە تەنیا بەجێیهێنابێت و، توێژینەوەکانی تر بەلایەنی کەمەوە بەنرخ (قیم) بن (لە ٧ خاڵ کەمتر وەرنەگرتبێت)، جگە لە پسپۆڕی زمانی کوردیی، کە دەبێت چوار لە توێژینەوەکان ڕەسەن –اصیل- بن، بۆزانستە پەتیی و پزیشکییەکان ئەگەر هەموو توێژینەوەکان هاوبەش بوون، ئەوا پێویستە بەلایەنی کەمەوە، یەکێک لە توێژینەوەکان لە گۆڤارێک دا بڵاو کردبێتەوە، کە فاکتەری کاریگەری impact factor هەبێت لە ( Clarivate Analytics)، یان (Site Score) ی هەبێ لە (Scopus).

**مادەی شەشەم: مەرجەکانی ئەو توێژینەوانەی کە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی پێشکەش دەکرێن**

١. لە بواری پسپۆڕیی ورد، یان گشتیی بن.
٢. پسپۆڕیی گشتیی: ئەو پسپۆڕییەیە کە قوتابی/خوێندکاری خوێندنی باڵا، لە دوا بڕوانامەدا تێیدا وەرگیراوە و، پسپۆڕیی ورد پسپۆڕیی بابەتی توێژینەوەی دوا بڕوانامەیە.

٩

ژمارە: ٢٣٤١ No:
ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی Date:
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

٣. لە گۆڤارێکی ئەکادیمایی مەحکەم بڵاوکرابنەوە, یان ڕەزامەندیی بڵاوکردنەوەیان هەبێت. مەرجە, کە بەلایەنی کەمەوە یەکێک لە توێژینەوەکان, لە گۆڤارێك دا بڵاوکرابێتەوە، بەڵام بۆ بەرزکردنەوە بۆ پلەی زانستیی (مامۆستا), مەرجە هەردوو توێژینەوەکە بڵاوکرابنەوە.
٤. بۆ هەموو پلەکان, لە یەک ژمارەی گۆڤاری زانستیی تەنها دوو توێژینەوە وەردەگیرێت.
٥. بۆ هیچ مامەڵەیەکی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی نزمتر پێشکەش نەکرابن بۆ هەمان توێژەر.
٦. لە نامەکانی ماستەر و دکتورای داواکار و هاوبەشەکانی وەرنەگیرابن.
٧. لە پاش دوا بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی دەست پێکرا بێت بەو توێژینەوەیە، جگە لەو توێژینەوانەی کە پێش بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی ئەنجام دراون و, سودیان لێ وەرنەگیراوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی.
٨. ئەگەر هەر توێژینەوەیەك دوای سێ ساڵ لە ڕەزامەندیی بڵاوکردنەوە, بڵاونەکرابوەوە، ئەوا فەرامۆش دەکرێت.
٩. توێژینەوەی وەرگیراو لە نامەکانی دبلۆمی باڵاو ماستەرو دکتورا بۆ سەرپەرشتیار (سەرپەرشتیارەکان) ئەژماردەکرێت، بەمەرجێک لە گۆڤاری زانستی مەحکەم بڵاوکرابێتەوە, یان ڕەزامەندیی بڵاوکردنەوەی هەبێت و, ناوی سەرپەرشتیار (سەرپەرشتیارەکان) و قوتابیەکە/خوێندکارەکەی لەسەربێت. بۆ هەر نامەیەکی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتورا, تەنها یەک توێژینەوە وەردەگیرێت و, هەروەها بۆ بەرزکردنەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە دوو توێژینەوەی هەڵێنجراو (مستەل) زیاتر سوود وەرناگیرێت و, بۆ پلەی پرۆفیسۆر لە زیاتر لە سێ توێژینەوەی هەڵێنجراو (مستەل) سوود وەرناگیرێت.
١٠. نامەی دکتورا (جگە لە نامەی بۆردی پزیشکیی ئەکادیمایی) بۆ قوتابی/خوێندکارەکە, بە توێژینەوەیەکی تاك ی ڕەسەن ئەژمار دەکرێت, بە مەرجێک پاش دوا بەرزکردنەوە ئەنجام درابێت و, بۆ هیچ بەرزکردنەوەیەکی پلەی زانستیی سوودی لێ وەرنەگیرابێت.
١١. توێژینەوە نهێنیەکان و زۆر تایبەتییەکان، بە فەرمانی وەزیر, یان سەرۆکی زانکۆ, یان سەرۆکی دەستە، لە مەرجی بڵاوکردنەوە دەبورێن، بەڵام بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن دا دەچن، بە مەرجێک بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک, یەک توێژینەوە ئەژمار بکرێت.
١٢. توێژینەوەی بڵاوکراوە لە کۆنفرانسەکان, پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:
- بابەتی کۆنفرانسەکە لە پسپۆریی گشتیی, یان وردی توێژەر بێت.
- کۆنفرانسەکە دەوریی بێت و, توێژینەوەکانی کۆنفرانسی یەکەم ئەژمار ناکرێت و, دوادەخرێت تا کۆنفرانسی دووەم دەبەسترێت، ئەو کاتە توێژینەوەکانی کۆنفرانسی یەکەمیش ئەژمار دەکرێن.
- توێژینەوەکە بە تەواوی لە پرۆسیدینگی کۆنفرانسەکە چاپ کرابێت و, پرۆسیدینگەکە ژمارەی سپاردنی نێودەوڵەتیی ISBN یان, ISSN ی هەبێت, یان بەتەواویی لەسەر ئینتەرنێت هەبێت و, ئیندێکس کرابێت، لەو بارە پێویستە توێژەر لینکی توێژینەوەکەی لەسەرئینتەرنێت پێشکەش بکات.
- توێژینەوەکە لە کۆنفرانسەکە, لەلایەن یەکێک لە توێژەرەکان خوێندرابێتەوە و, بڕوانامەی ئامادەبوونی یەکێک لە توێژەرەکان پێشکەش بکرێت.
- ئەگەر توێژینەوەیەک لە کۆنفرانس خوێندرابێتەوە و, دوایی لە ژمارەی تایبەتی گۆڤارێکی مەحکەم بڵاوکرابێتەوە, ئەوا بە توێژینەوەی گۆڤار ئەژمار دەکرێت, نەک کۆنفرانس.

No: ژمارە: ٤٣٩٣

Date: ڕێکەوت: ١٣ / ٦ / ٢٠٢١ زایینی

٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردی

١٣. بۆ داهێنانی تۆمارکراو(Patent) لە دەزگایەکی فەرمیی تایبەتمەند بە Patent, تەنها (١) یەک داهێنانی تۆمارکراو سوودی لێ وەردەگیرێت, ئەگەر لەناوخۆی عێراق تۆمار کرابێت, بەڵام بۆ ئەژمارکردنی زیاتر لە یەك داهێنانی تۆمارکراو, دەبێت لە دەزگای باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتیی دانی پێدا نرابێت و, بە توێژینەوەی رەسەن ئەژمار دەکرێت.

## مادەی حەوتەم: مەرجەکانی ئەو کتێبەی کە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی پێشکەش دەکرێت

١. کتێبی بڵاوکراوە, پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

- لە پسپۆڕیی ورد یان گشتیی نووسەر بێت.
- کتێبی وەرگێراو ئەژمار ناکرێت.
- ڕەزامەندیی لیژنەی زانستیی بەش و, فەرمانی زانکۆیی هەبێت بەر لە چاپکردنی .
- پێویستە بەلایەنی کەمەوە, دوو لەسەرچاوەکانی کتێبەکە, توێژینەوەی بڵاوکراوەی یەکێک, یان پتر لە دانەرەکان بن.
- لە بەرزکردنەوە, بۆ هەر پلەیەکی زانستیی, تەنها سوود لە یەک کتێب وەردەگیرێت.
- لەکاتی پێشکەشکردنی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, دەنێررێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن بەمەبەستی کۆکردنەوەی خاڵی توێژینەوە، کە ئەگەر بەلایەنی کەمەوە لە حەوت خاڵ کەمتری هێنا، فەرامۆش دەکرێت.
- ئەگەر کتێبەکە پتر لە دانەرێکی هەبێت، هەتا سێ دانەریان سوودی لێ دەبینن.

٢. چاپتەرێک لە کتێبی بڵاوکراوە, پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

- لە پسپۆڕیی ورد یان گشتیی نووسەر بێت.
- دانراو بێت (چاپتەر لە کتێبی وەرگێراو ئەژمار ناکرێت).
- ڕەزامەندیی لیژنەی زانستیی بەش و, لیژنەی دانان و, وەرگێرانی ناوەندیی زانکۆی هەبێت, بەر لە چاپکردنی.
- ئەگەر چاپتەر بەکاربهێنرێت, ئەوا پێویستە هەر چاپتەرێک بەتەنها لیستی سەرچاوەکانی هەبێت و, بەلایەنی کەمەوە دوو لەسەرچاوەکانی چاپتەرەکە, توێژینەوەی بڵاوکراوەی دانەرەکە بێت.
- لە بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, تەنها سوود لە یەک چاپتەر وەردەگیرێت.
- لە بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, سوود لە چاپتەر یان, کتێب وەردەگیرێت و, نابێت سوود لە هەردوکیان وەربگیرێت.
- لەکاتی پێشکەشکردنی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی دەنێررێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن, بەمەبەستی کۆکردنەوەی خاڵی توێژینەوە، ئەگەر رەسەن نەبێت، فەرامۆش دەکرێت.
- چاپتەر, پێویستە بەشێک بێت لە کتێبێکی ئەکادیمیی و, بەلایەنی کەمەوە دەیەکی قەبارەی کتێبەکە پێکبێنێت.

## مادەی هەشتەم: مەرجەکانی گۆڤاری مەحکەم

١. لە یەکێک لەم لایەنانە دەربچێت:

أ. لەلایەن زانکۆیەکی باوەڕپێکراو یان, دەزگایەکی زانستیی ئەکادیمیی باوەڕپێکراو دەرچوو بێت.

ب. لە (Scopus) بڵاوکرابێتەوە.

9

No: ژمارە: ١٣٤١
Date: ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

ت. لەلایەن دەزگایەکی چاپی ئەکادیمیایی نێودەوڵەتیی یان، کۆمەڵەیەکی (ڕێکخراوێکی) ئەکادیمیایی نێودەوڵەتیی دەربچێت، لەم حاڵەتەدا پێویستە گۆڤارەکە فاکتەری کاریگەری Impact Factor هەبێت، بە مەرجێک لە (Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابێت.

٢. بەشێوەیەکی دەوریی و ڕێک و پێک دەربچێت.
٣. هەڵسەنگاندنی زانستیی لەلایەن پسپۆری ورد، بۆ هەموو توێژینەوە بڵاوکراوەکانی ئەنجام بدات (peer review) .
٤. بۆ گۆڤارە ناوخۆکان، هەموو ئەندامانی هەردوو دەستەی نووسەران و، دەستەی ڕاوێژکارانی گۆڤارەکە، پلەی زانستییان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت.
٥. ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتیی ISSN یان ISBN هەبێت.
٦. فاکتەری کاریگەری (Impact Factor)ی هەبێت، ئەگەر نا، متمانەی لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەست هێنابێت.
٧. لەکاتێک لەلایەن لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی کۆلیژ (فاکەڵتی) یان، ناوەندیی، گومان یان نیگەرانییەک لەسەر گۆڤارێک هەبوو، ئەوا ئەنجومەنی زانکۆ یەکلایی دەکاتەوە.
٨. ئەگەر بەشێوەی ئەلکترۆنیی دەربچێت، پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:
أ. لە ماڵپەڕی ئەو دەزگایەی کە دەریدەکات، لەسەر ئەنتەرنێت هەبێت.
ب. لە یەکێک لەو دەزگایانەی کە لە خاڵی ١ ی ئەم ماددەیە باسکراوە، دەربچێت.
ت. فاکتەری کاریگەری Impact Factor هەبێت.

## فەسڵی دووەم
## پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی
### مادەی نۆیەم: پێکهێنانی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لەسەر ئاستی کۆلیژ

١. ئەنجومەنی کۆلیژ لە هەر کۆلیژێک (یان فاکەڵتییەک)، لیژنەیەکی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لە سەرۆکێک و چوار ئەندام پێکدەهێنێت. سەرۆکی لیژنە، لە ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە بە پلەی پرۆفیسۆر (پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەگەر پرۆفیسۆر نەبوو) و چوار ئەندامەکەی تریش، لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە کۆلیژەکە دەسنیشان دەکرێن، بە مەرجێک پلەی زانستییان پرۆفیسۆر بێت (پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەگەر پرۆفیسۆر نەبوو)، هەروەها پێویستە پسپۆڕیی چوار ئەندامەکە جیاواز بێت.
٢. ئەگەر پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلیژ (فاکەڵتی) نەبوو، ئەوا ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) دەتوانێت ستاف لە کۆلیژێکی تر، یان لە زانکۆیەکی تر بخوازێت وەکوو ئەندامی لیژنەکە.
٣. لیژنەکە لەنێوان خۆیان بڕیاردەرێک هەڵدەبژێرن.
٤. لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، سکرتێرێکی دەبێت، کە مەرجە دەرچووی کۆلیژ بێت و، زمانی ئینگلیزیی و، زمانی کوردیی بزانێت.
٥. ماوەی ئەندامێتی سێ ساڵە و، ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) ساڵانە بۆی هەیە هەتا ماوەی سێ ساڵ، کاری لیژنەکە درێژ بکاتەوە.

/٩

No: ژمارە: ٢٣٩١
Date: ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

٦. ئەنجومەنی کۆلێژ (فاکەڵتی)، بۆی هەیە لە هەرکاتێک بە پێویستی زانیی، پێشنیازی گۆڕانکاریی لە لیژنەکە بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بەرزبکاتەوە.

**مادەی دەیەم: پێکهێنانی لیژنەی ناوەندیی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لەسەر ئاستی دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان**

١. لیژنەیەکی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، لە سەرۆکێک و چوار تا شەش ئەندام پێکدەهێنرێت. سەرۆکی لیژنە، لە ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە بە پلەی پرۆفیسۆر دادەندرێت؛ ئەندامەکانی تر لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەسنیشان دەکرێن، بە مەرجێک پلەی زانستییان پرۆفیسۆر بێت (پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەگەر پرۆفیسۆر نەبوو)، هەروەها پێویستە پسپۆڕیی ئەندامەکان جیاواز بێت.
٢. لیژنەکە لەنێوان خۆیان بریاردەرێک هەڵدەبژێرن.
٣. لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، سکرتێرێکی دەبێت، کە مەرجە دەرچووی کۆلێژ بێت و زمانی ئینگلیزیی و زمانی کوردیی بزانێت.
٤. ماوەی ئەندامێتی سێ ساڵە و، ئەنجومەنی زانکۆ، یان لیژنەی باڵای زانستیی دەستە، یان ئەنجومەنی کوردستانیی، ساڵانە بۆی هەیە هەتا ماوەی سێ ساڵ، کاری لیژنەکە درێژ بکاتەوە و، دەکرێت لە هەرکاتێک لیژنەکە بگۆڕێت، یان گۆڕانکاریی تێدا بکات.

**مادەی یازدەیەم: پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی**

١. داواکار بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی دوای تەواوکردنی کاتی یاسایی بۆ بەرزکردنەوەی پلە زانستییەکەی، ئەم دۆکیۆمێنتانە پێشکەش بە سەرۆکی بەش دەکات (بۆ سەرۆکی لق لەو کۆلێژانەی بەشیان نیە):
أ. نووسراوێک، کە واژۆ و، ئیمێل و، ڕێکەوتی لەسەر بێت و، تێیدا داوای بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بکات.
ب. چوار کۆپیی لە هەر توێژینەوەیەک یان، کتێبێک کە لە ماوەی پاش دوا بەرزکردنەوە بڵاویکردبێتەوە، جگە لەو توێژینەوانەی کە پێش بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی ئەنجام دراون و، سودیان لێ وەرنەگیراوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی.
ت. نامەکانی خوێندنی باڵای خۆی (ماستەر، دکتۆرا)، ئەگەر توێژینەوەی هاوبەش بوون ئەوا نامەکانی ماستەر و دکتۆرای هاوکارانی ناوخۆ هەمویان، کورتەیەک (Abstract) لە نامەکانی ماستەر و دکتۆرای هاوکارانی دەرەوە.
ث. نامەکانی خوێندنی باڵا (ماستەر ، دکتۆرا)ی ناوخۆ، کە سەرپەرشتیی کردوون.
ج. پەراوی تایبەت بە بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، ئەو برگانە پڕدەکاتەوە کە بۆ داواکار دانراون.
٢. دەکرێت داواکار بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، بەر لە ماوەی یاسایی پێویست، داواکاریی پێشکەش بە بەشەکەی بکات بە گوێرەی ئەم خاڵانە:
أ. بۆ پلەی پرۆفیسۆر بەر لە یەک ساڵ
ب. بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەر لە شەش مانگ
ت. بۆ پلەی مامۆستا بەر لە سێ مانگ

ژمارە: ٢٣٩١ No:

ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی Date:

٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

بەڵام, ڕێکەوتی پێدانی نازناوی زانستیی, ڕێکەوتی تەواوکردنی ماوەی یاسایی دەبێت.

٣. سەرۆکی بەش (لق) لیژنەیەکی هەڵێنجاندن (استلال), کە پسپۆڕییان لە هەمان پسپۆڕیی خاوەن مامەڵە بێت لە ماوەی دوو هەفتە بە نهێنیی پێشنیار دەکا بۆ ڕاگری کۆلێژ و, ئەویش لیژنەکە پێکدەهێنێت بۆ سەیرکردنی ڕێژەی هەڵێنجاندن لە نامەکانی ماستەر و دکتورا. لیژنەی هەڵێنجاندن (استلال), پێویستە لە ماوەی دوو هەفتەدا, فۆرمی هەڵێنجاندن (استلال) بە نهێنیی پێشکەش بە سەرۆکی بەش بکات. ڕێژەی هەڵێنجاندن (استلال) بەپێی فۆرمی تایبەت دیار دەکرێت کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییەدا هەیە.

٤. لیژنەی زانستیی بەش, لە ماوەی سێ هەفتە تێپەڕ نەکات, داوا لە داواکار دەکات سیمینار بۆ توێژینەوەکانی پێشکەش بکات و, کات و شوێنی سیمینار دیاریی دەکات و, سیمیناری بۆ دەکرێت لە لایەن لیژنەی زانستییەوە.

٥. سەرۆکی بەش مامەڵەکە ووردبینیی دەکات, کە ئەم پێداویستانەی تێدابێت:

- نووسراوی داواکاریی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی داواکار
- فۆرمی هەڵێنجاندن (استلال)
- فۆرمی هەڵسەنگاندنی سیمینار
- بڕوانامەی خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوە
- فەرمانە کارگێڕییەکانی بەرزکردنەوەکانی پێشوو
- چوار کۆپیی توێژینەوەکان
- پەڕاوی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی (لاپەڕەی تایبەت بەسەرۆکی بەش پڕدەکاتەوە)

٦. ئەگەر مامەڵەکە کەم و کووڕیی تێدابوو, لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە تێنەپەڕێت, ئاگاداری داواکار دەکاتەوە بۆ تەواوکردنی مامەڵەکەی، ئەگەر کەم و کووڕیی تێدا نەبوو, مامەڵەکە لە ماوەی دوو هەفتە تێنەپەڕێت, دەنێرێت بۆ ڕاگری کۆلێژ (فاکەڵتی) و, ڕاگری کۆلێژیش لاپەڕەی تایبەت بە خۆی لە پەڕاوی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی پڕ دەکاتەوە و, لەماوەیەک کە لە دوو هەفتە تێنەپەڕێت, دەنێرێت بۆ لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی کۆلێژ (فاکەڵتی). لیژنەی بەرزکردنەوەی کۆلێژ (فاکەڵتی), پێویستە لە ماوەی هەفتەیەك دا, بە ئیمێل ئاگاداری داواکار بکاتەوە کە مامەڵەکەی گەیشتە لیژنە. ئەگەر لەماوەی یەک مانگ دوای پێشکەشکردنی سیمینار, مامەڵەکە نەگەیشتە لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی کۆلێژ (فاکەڵتی)، داواکار مافی سکاڵای هەیە لە لای لیژنەی گازندەی ناوەندیی و, پێویستە لە ماوەی سێ هەفتە کاری پێویست ئەنجام بدا و, پێویستە سەرۆکی زانکۆ, یان دەستە, یان ئەنجومەن ڕێکاری یاسایی بەرامبەر لایەنی کەمتەرخەم لە دواخستنی پرۆسەکە بگرێتە بەر و, ئاگاداری وەزارەت بکاتەوە لە ئەنجامەکەی.

٧. لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, بۆ هەموو پلەکان, وردبینی مامەڵەکە دەکات. ئەگەر هەر کەم وکورتییەکی تێدا بوو لەماوەیەک کە لە دوو هەفتە تێپەڕ نەکات, سەرۆکی بەشی لێ ئاگادار دەکرێتەوە. ئەگەر هەموو پێداویستیەکانی تەواو بوو، هەموو توێژینەوە و, کتێبەکان, بە نهێنیی و بە هەماهەنگی لە نێوان سەرۆکی لیژنەی بەرزکردنەوە و, بڕیاردەری لیژنەکە بۆ سێ هەڵسەنگێنەر دەنێررێت، جگە لە پلەی (پرۆفیسۆر) کە لە لایەن لیژنەی ناوەندیی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی زانکۆ, یان دەستەوە, ڕێکارەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بۆ ئەنجام دەدرێت.

٩/

ژمارە: ٤٣٤١ No:

ڕێکەوت: ١٣/ ٢/ ٢٠٢١ زایینی Date:

٢٥/ ١١/ ٢٧٢٠ی کوردیی

٨. هەڵسەنگێنەرەکان, پێویستە ئەم مەرجانەیان تێدا بێت:

أ. پسپۆڕییان هەمان پسپۆڕیی داواکار بێت.

ب. پلەی زانستییان لەو پلە زانستییەی داواکراوە بەرزتر بێت, یان لە هەمان پلەدا بێت.

ت. کارمەندی زانکۆ یان, پەیمانگا, یان دەزگاکانی توێژینەوەی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان, یان, حکومەتی فیدراڵیی بن. پێویستە بە پێی توانا هەڵسەنگێنەرەکان کارمەندی زانکۆی داواکار نەبن. ئەگەر لەو دەزگایانە کەسی گونجاو نەبوو، ئەوا دەکرێت لەدەرەوەی ئەو دەزگایانە هەڵسەنگێنەر دەستنیشان بکرێت، لەوکاتەدا پێویستە هەڵسەنگێنەر مەرجەکانی خاڵی (٨ أ ، ٨ب)ی تێدا بێت.

٩. هەڵسەنگێنەرەکان, پێویستە لەماوەی ٦٠ ڕۆژ, فۆرمی هەڵسەنگاندن بە پڕکراوەیی بنێرنەوە بۆ لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی. ئەگەر لەو ماوەیە نەگەڕایەوە، لیژنە دەتوانێت مامەڵەکە بۆ هەڵسەنگێنەری تر بنێرێت, کە هەمان مەرجەکانی هەڵسەنگێنەری تێدابێت. لەو بارەدا, هەڵسەنگاندنی یەکەم (کە دواکەوتبوو) لادەبردرێت, هەرچەندە پێش هەڵسەنگاندنی دووەمیش بگەڕێتەوە.

١٠. دوای گەڕانەوەی هەموو فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن، لیژنەی بەرزکردنەوە لەماوەی سێ هەفتە تێپەڕ نەکات, ڕاپۆرتی خۆی لەڕێگای ڕاگری کۆلیژ (فاکەڵتی) دەداتە ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی) کە فۆرمی تایبەت بە خاڵەکانی هەڵسەنگاندن و, ڕاسپاردەی لیژنەی تێدایە. ئەنجومەنیش لەماوەی سێ هەفتە تێپەڕ نەکات, ئەگەر مامەڵەکە ڕەتکرایەوە, ئەوا بە نوسراوی فەرمیی لەڕێگای لیژنەی بەرزکردنەوەوە خاوەن مامەڵەکە ئاگادار دەکەنەوە، ئەگەر مامەڵەکەش تەواو بوو، لەماوەیەک کە لە سێ هەفتە تێپەڕ نەکات, ڕاسپاردەکە بۆ سەرۆکی (زانکۆ، دەستە، ئەنجومەن) بەرز دەکاتەوە، وە ئەگەر ئەو ماوانەی کە لەم خاڵەدا دیاریکراوە ڕەچاو نەکرا ,خاوەن مامەڵە بۆی هەیە سکاڵا (شکوی) بکات لای سەرۆکی دام و دەزگاکە, یان وەزیر و, دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ وەڵامی سکاڵاکەی بدرێتەوە و, ئەگەر لە ئەنجامی سکاڵاکە دەرکەوت کە کەمتەرخەمیی کراوە و, مامەڵە بەبێ بنەمایەکی زانستیی دواخراوەتەوە, ئەوا وەزارەت مامەڵەکەی دەگوێزێتەوە بۆ یەکێك لە دام و دەزگاکانی تری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی و, لێپێچینەوە لە لایەنی کەمتەرخەم دەکرێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

١١. دوای پەسەندکردنی کۆنووسی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لە لایەن سەرۆکی زانکۆ, یان دەستە, یان ئەنجومەن (کۆنوسی لیژنەی بەرزکردنەوە بە کۆنوسی ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی), بۆ سەرۆکی زانکۆ دەنێردرێت)، لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لەکۆلیژ (فاکەڵتی) مامەڵەکە و, هەموو بەرایییەکان لەڕێگای ڕاگری کۆلیژ دەنێردرێت بۆ نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ, بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ لیژنەی ناوەندیی. لیژنەی ناوەندیی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی دوای وردبینی کردن، ئەگەر مامەڵەکە کەم و کووڕیی تێدا بوو, ئەوا لە ماوەی سێ هەفتە تێنەپەڕێت, لیژنەی کۆلیژ (فاکەڵتی) بە نوسراوی فەرمیی لێ ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر مامەڵەکە تەواو بوو, ئەوا لە ماوەی دوو هەفتە تێپەڕنەکات, ڕاسپاردەی خۆی لەگەڵ کورتەی مامەڵەکە بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بەرزدەکاتەوە, بۆ دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی. بۆ ئەوەی فەرمانی زانکۆیی پێدانی نازناوی زانستیی دوانەکەوێت، ئەنجومەنی زانکۆ بۆی هەیە دەسەڵاتی پەسەندکردنی کۆنووسەکانی لیژنەی ناوەندیی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بدات بە سەرۆکی زانکۆ (جگە پلەی پرۆفیسۆریی نەبێت, کە هەر لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆ دەمێنێتەوە). ئەم گواستنەوەی دەسەڵاتە تەنها بۆ یەک ساڵە و, ساڵانە پێویستە نوێ بکرێتەوە.

/٩

ژمارە: ٢٣٤١
ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

No:
Date:

١٢. بۆ پلەی پرۆفیسۆریی، دوای جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ١ - ٤ لە مادەی دەیەم لەم ڕێنماییە، سەرۆکی بەش ئەگەر مامەڵەکە کەم و کووڕیی تیدابوو, لە ماوەیەک کە لە یەک هەفتە تێنەپەڕێت ئاگاداری داواکار دەکاتەوە بۆ تەواوکردنی مامەڵەکەی، ئەگەر کەموکوڕی تێدا نەبوو, مامەڵەکە لە ماوەی دوو هەفتە تێنەپەڕێت, دەنێرێت بۆ ڕاگری کۆلیژ (فاکەڵتی) ئەویش لاپەڕەی تایبەت بە ڕاگر لە فۆرمی بەرزکردنەوە پڕ دەکاتەوە و, لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە تێنەپەڕێت, لە ڕێگای سەرۆکی (زانکۆ، دەستە، ئەنجومەن) بۆ لیژنەی ناوەندیی بەرزی دەکاتەوە. لیژنەی ناوەندیی, پێویستە لە ماوەی هەفتەیەك دا بە ئیمێل ئاگاداری داواکار بکاتەوە, کە مامەڵەکەی گەیشتوتە لیژنە. ئەگەر لە ماوەی مانگێگ, لە دوای ئەنجامدانی سیمینار, مامەڵەکە نەگەیشتە لیژنەی ناوەندی، داواکار بۆی هەیە سکاڵا لە لای لیژنەی گازەندەی ناوەندیی تۆمار بکا.

لیژنەی ناوەندیی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, دوای وردبینییکردن، ئەگەر مامەڵەکە کەم و کووڕیی تێدا بوو, ئەوا لە ماوەی مانگێک تێنەپەڕێت, لیژنەی کۆلیژ (فاکەڵتی)ی لێ ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر مامەڵەکە تەواو بوو، ئەوا بۆ سێ شارەزای دەنێرێت کە ئەم مەرجانەیان تێدابێت:

- پسپۆڕییان لە هەمان پسپۆڕیی داواکار بێت
- پلەی زانستییان پرۆفیسۆر بێت
- دوو لە هەڵسەنگێنەرەکان, لە کاتی ناردنی مامەڵەکە لە دەرەوەی عێراق لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو, یان سێنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ئەکادیمیایی باوەڕپێکراو کار بکەن .

دوای گەڕانەوەی هەموو فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن، لیژنەی بەرزکردنەوە لەماوەی مانگێک تێپەڕ نەکات, ڕاپۆرتی خۆی لە ڕێگای سەرۆکی (زانکۆ، دەستە، ئەنجومەن) دەداتە ئەنجومەنی زانکۆ, کە پەڕاوی بەرزکردنەوە و, کورتەی ڕای هەڵسەنگێنەرەکان و, ڕاسپاردەی لیژنەی تێدایە. ئەگەر مامەڵەکە ڕەتکرابووەوە, ئەوا لەماوەی دوو هەفتە تێپەڕنەکات, ئەنجومەن بە نووسراوی فەرمیی لە ڕێگای لیژنەی ناوەندیی خاوەن مامەڵەکە ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر مامەڵەکەش تەواو بوو، سەرۆکی (زانکۆ، دەستە، ئەنجومەن) لە ماوەی دوو هەفتەدا بڕیار دەدات کە :

- فەرمانی زانکۆیی بۆ دەربکرێت
- سوپاس و پێزانینی پێ بدرێت
- کاتێکی بۆ دابنرێت, بۆ سازدانی سیمینارێک دەربارەی ژیانی ئەکادیمیایی خۆی.

١٣. مامەڵەی سەرۆکی زانکۆ و, ئەوانەی لە پلەی سەرۆکی زانکۆن, لەدەسەڵاتی بەڕێز وەزیرە, کە بە نهێنیی مامەڵەکە بۆ یەکێك لە دام و دەزگاکانی خوێندنی باڵا بنێرێت, جگە لەو دام و دەزگایەی کە داواکار سەرۆکیەتی.

١٤. بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی ڕاگرەکان و یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ و پلە تایبەتەکان، لە دەسەڵاتی سەرۆک زانکۆیە, کە مامەڵەکە بدات بە لیژنەی بەرزکردنەوەی ناوەندیی, یان بۆ زانکۆیەکی تری بنێرێت.

١٥. هەروەها سەرۆکی (زانکۆ، دەستە، ئەنجومەن), دەسەڵاتی هەیە بۆ ناردنی مامەڵەی هەر مامۆستایەك بۆ کۆلیژێك, یان زانکۆیەکی تر, لە کاتی هەبوونی کێشەیەکی دیار لەو بەشەی کە کاری تێدا دەکات, کە لە لایەن لیژنەیەکی بە دواداچوون پشت ڕاست بکرێتەوە, دوای داواکاریی مامۆستاکە.

٨

No: ژمارە: ٢٣٤١
Date: ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

**فەسڵی سێیەم:**
**گازاندە**
**مادەی دوازدەیەم : گازەندە و پێکهێنان و دەسەڵاتی لیژنەی گازەندە**

١. هەر مامۆستایەك داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پێشکەش کردبێت, لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا بۆی هەیە گازەندە لەسەر بڕیاری ڕەتکردنەوەی مامەڵەکەی بە فەرمیی تۆمار بکات.
٢. خاوەنی گازەندە, پێویستە بە نووسراوێک ئەو خاڵانە دیاریی بکات, کە گومانی نا دادپەروەریی, یان کەم و کووڕیی تێدا هەیە و, لە ڕێگای سەرۆکی بەش و ڕاگری کۆلیژ(فاکەڵتی), بیدات بەسەرۆکی زانکۆ. سەرۆکی زانکۆش لە ماوەی دوو هەفتە تێپەڕ نەکات, دەینێرێت بۆ لیژنەی گازەندە.
٣. ئەنجومەنی (زانکۆ، دەستەی کوردستانی، ئەنجومەنی کوردستانی), لیژنەیەکی گازەندە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لە سەرۆکێک و چوار ئەندام پێکدەهێنێت. سەرۆکی لیژنە لە ئەندامێکی دەستەی وانەوتنەوە بە پلەی پرۆفیسۆر دادەندرێت و, پێویستە زمانی کوردیی بزانێت. ئەندامەکانی کە لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە کۆلیژەکان (فاکەڵتییەکان, یان پەیمانگاکان, یان سەنتەری توێژینەوەکان) دەستنیشان دەکرێن, بە مەرجێک پلەی زانستییان پرۆفیسۆر بێت - (پرۆفیسۆری یاریدەدەر ئەگەر پرۆفیسۆر نەبوو)، هەروەها پێویستە پسپۆڕیی ئەندامەکان جیاواز بن و, بەلایەنی کەمەوە یەکێکیان پسپۆڕییەکەی لە یاسا بێت و, پێویستە ئەندامانی لیژنەی گازەندە پۆستی کارگێڕیی وەکو (ڕاگر و سەرۆک بەش و بەرپرسی دڵنیایی جۆریی) نەبێت.
٤. لیژنەکە لەنێوان خۆیان دا, بڕیاردەرێک هەڵدەبژێرن.
٥. ماوەی ئەندامێتیی سێ ساڵە و, ئەنجومەنی زانکۆ بۆی هەیە تەنها بۆ ماوەی یەک جار, کاری لیژنەکە بۆ ماوەی ساڵێک درێژ بکاتەوە.
٦. ئەنجومەنی زانکۆ, بۆی هەیە لە هەرکاتێک لیژنەکە بگۆڕێت, یان گۆڕانکاریی تێدا بکات.
٧. دەسەڵاتی لیژنەی گازەندە ئەمانەن:
أ. لیژنەی گازەندە سەیری ئەو گازەندانە دەکات, کە داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆلیژ (فاکەڵتی), یان ئەنجومەنی زانکۆ (بۆ بەرزکردنەوە بۆ پلەی پرۆفیسۆریی) پێشکەشی دەکات.
ب. لیژنەی گازەندە, وردبینیی لە هەموو جومگەکان و, هەنگاوەکانی بەرزکردنەوەکە دەکات و, لە ڕێگای سەرۆکی زانکۆ ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەنجومەنی زانکۆ بەرز دەکاتەوە.
ت. ئەگەر ڕای لیژنەی گازەندە و, لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی جیاواز بوو, ئەوا ئەنجومەنی زانکۆ یەکلایی دەکاتەوە، لەو کاتەدا, ئەگەر داوای ناردنەوەی توێژینەوەکان کرا بۆ هەڵسەنگێنەری تر, ئەوا تەنها ئەو توێژینەوانە بنێررێنەوە بۆ هەڵسەنگاندن کە کێشەیان لەسەرە.
٨- دەبێت لە ڕاپۆرتی لیژنەی گازەندە, بە ڕوونی هۆکاری پەسەندکردن, یان ڕەتکردنەوەی گازەندە ئاماژەی پێکرا بێت.

A

ژمارە: ٢٣٤١
No:

ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی
Date:
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

## فەسڵی چوارەم:
## بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لە کۆلیژکانی هونەرەجوانەکان
### مادەی سێزدەیەم : بەرزکردنەوە لە پسپۆڕیی هونەرە جوانەکان

١. هەر ئەندامێکی دستەی وانەوتنەوە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان, ئەگەر بیەوێت بەرز بێتەوە بۆ پلەکانی مامۆستا و, پرۆفیسۆری یاریدەدەر و, پرۆفیسۆر، دەبێت هەمان مەرجەکانی فەسڵی یەکەم و دووەم و سێیەم و حوکمە کۆتاییەکانی ئەم ڕێنماییانەی لەسەر جێیەجێ بکرێت.

٢. داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، بەمەرجێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی لە پسپۆڕی هونەر بێت، مافی هەیە لە بری پێشکەشکردنی توژینەوە داوابکات, کە کارە هونەرییەکانی بۆ ئەژمار بکرێت، ئەوکات ئەم مەرجانەی لەسەر جێیەجێ دەبێت:
   أ. پلە زانستییەکەی دەبێتە یەکێک لەم نازناوانەی خوارەوە:
      - مامۆستای یاریدەدەری هونەر
      - مامۆستای هونەر
      - پرۆفیسۆری یاریدەدەری هونەر
      - پرۆفیسۆری هونەر
   ب. ئەم پلە زانستییانە هەمان ماف و دەستکەوتی پلە زانستییە ئەکادیمیە بەرامبەرەکەیان هەیە.
   ت. ئەگەر یەکێک نازناوێکی زانستیی هونەری, لەوانەی سەرەوە وەرگرت، ئیتر دەبێت هەموو بەرزکردنەوەکانی داهاتووی نازناوی هونەری هەبێت و, نابێت نازناوەکان تێکەڵ بکرێن.

٣. مەبەست لە کاری هونەریی, ئەو کارانەیە کە لە ستاندەری هونەرییدا وەسفی کاری هونەریی بۆکراوە.

٤. بۆ ئەوەی کارێکی هونەریی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی ئەژمار بکرێت، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:
   أ. شانۆ: کارێکی هونەریی لە شانۆیەک کە، لە فیستیڤاڵێکی فەرمیی لە ناوخۆی هەرێم و, دەرەوەی هەرێم بەشداریی کردبێت .
   ب. سینەما: کارێکی هونەریی لە فلیمێک کە، لە فیستیڤاڵێکی فەرمیی لە ناوخۆی هەرێم و, دەرەوەی هەرێم بەشداریی کردبێت.
   ت. شێوەکاریی: بە کارێک یان پتر لە پێشانگایەکی فەرمیی لە ناوخۆی هەرێم و, دەرەوەی هەرێم بەشداریی کردبێت.
   ث. میوزیک: بە شێوەیەکی تاک, یان گروپ لە فیستیڤاڵێکی فەرمیی لە ناوخۆی هەرێم و, دەرەوەی هەرێم بەشداریی کردبێت.
   ج. هەر کارێکی تری ستاندارد, کە لە فیستیڤاڵێکی هونەریی لە ناوخۆی هەرێم و, دەرەوەی هەرێم بەشداریی کردبێت.

٥. هەر پێنج کاری هونەریی, بە یەک توژینەوەی بڵاوکراوە ئەژمار دەکرێت.

## فەسڵی پێنجەم
## حوکمە کۆتاییەکان
### مادەی چواردەیەم

١. بەشی زانستیی, تەنیا لەیەک حاڵەت دا, داواکاریی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە ئەندامی دستەی وانەوتنەوە وەردەگرێت، ئەویش کاتێک داواکار هەموو پێداویستییەکانی تەواو کردبێت و, بەپێی ئەو ڕێنماییە, مەرجەکانی تێدا بێت.

٢. دەرچوون لە پرۆسەی دڵنیایی جۆریی بۆ هەر ساڵێک بریتیە لە هێنانی کەمترین نمرەی پێویست, یان کەمترین خاڵی پێویست لە فاکتەرەکانی دڵنیایی جۆریی (زانستخوازیی بەردەوام ، فیدباکی قوتابیان ، هەگبەی مامۆستا) هەروەک لە ڕێنمایی دڵنیایی جۆریی

ژمارە: ٢٣٤١ No:

ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی Date:

٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

هاتووە و، ساڵی دەرچوون لە دڵنیایی جۆریی لە (مامۆستای یاریدەدەر بۆ مامۆستا دوو ساڵ بێت) و، لە (مامۆستا بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر سێ ساڵ بێت) و، لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر بۆ پرۆفیسۆر چوار ساڵ بێت)، بۆ ئەو دام و دەزگایانەی کە بە حوکمی کارەکانیان هۆبەی دڵنیایی جۆریان نیە، مەرجی تایبەت بۆ ئەم خاڵە، بە ڕەچاوکردنی سروشتی کارەکانیان دادەنرێت.

~~٣. فۆرمەکانی پاشکۆکانی (١ و ٢) و پەراوی بەرزکردنەوە، بەشێکن لەم ڕێنماییە و، بەهیچ شێوەیەک بە تەنها هەموار ناکرێنەوە و، ناگۆڕێن.~~

٤. بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک، تەنیا لە یەک کۆنفرانس سوود وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر توێژینەوەی کۆنفرانسەکە، لە گۆڤارێکی مەحکەم بڵاوکرایەوە، ئەو کاتە وەکو توێژینەوەی گۆڤار ئەژمار دەکرێت، ئەگەر ژمارەیان هەر چەندێك بێت.

٥. ڕێکەوتی پێشکەشکردنی مامەڵە، دەبێتە ڕێکەوتی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، بەڵام ئەگەر یەکێک، یان زیاتر لە توێژینەوەکان پەسەند نەکرا، ئەوا ڕێکەوتی پێشکەشکردنی دوایین توێژینەوە، دەبێتە ڕێکەوتی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، فەرمانی بەرزکردنەوە دەرناچێت هەتا ماوەی شایستەبوون تەواو نەبێت.

٦. ماوەی خوێندنی قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا، کە بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) و، ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە و، ماوەی مۆڵەتی هاوڕێیەتی و، ماوەی مۆڵەتی دایکایەتی، بە خزمەت ئەژمار ناکرێن بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی.

٧. بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بۆ پلەکانی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و، پرۆفیسۆر بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەلایەنی کەمەوە پێویستە بۆ هەر بەرزکردنەوەیەک یەک توێژینەوە تاک (منفرد) بێت.

٨. ئەنجامدانی خولی ڕێگاکانی وانەووتنەوە، تەنها یەک جار پێویستە لە ژیانی ئەکادیمیایی مامۆستای زانکۆ.

٩. ئەنجامی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان، بە زۆرینە (دوو لە سێی هەڵسەنگێنەران) دەبێت.

١٠. لەهەر جێگایەک لەم ڕێنماییەدا، کە ناوی زانکۆ هاتبێت ئەوا زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان و، دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی و، ئەنجومەنی کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان دەگرێتەوە و، هەروەها لە هەر جێگایەك ناوی سەرۆکی زانکۆ هاتبێت، ئەوا سەرۆکی ئەو دام و دەزگایانەش دەگرێتەوە. پەیمانگاکان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکییەکان و، سەنتەرەکانی توێژینەوە، لە گشت دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، هەمان دەسەڵاتی کۆلێژی (فاکەڵتی) لە زانکۆکان دەبێت بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی، لە کاتێکدا ئەگەر لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستییان نەبێت لە ڕێگای لیژنەی ناوەندیی مامەڵەکانیان بۆ ئەنجام دەدرێت.

١١. قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا، لە ڕێکەوتی دەستپێکردنی بە خوێندن، مافی پێشکەشکردنی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی نابێت، ~~هەتا خوێندنەکەی تەواو دەکات، جگە لەوانەی کە پێش دەستپێکردنی خوێندنەکەیان، ماوەی پەیڕەوکراو لە پێشکەشکردنی مامەڵەی~~ بەرزکردنەوەی پلەی زانستییان تەواوکردوە و، گشت توێژینەوەکانیان بڵاو کردۆتەوە، ئەوا مامەڵەیان لێ وەردەگیرێت و دەخرێتە پرۆسەوە.

١٢. پێویستە هەڵسەنگێنەر لەو بەشە کارنەکات (بەشێوەی هەمیشەیی یان کاتی)، کە داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی تێدا کار دەکات.

١٣. پێویستە کە هەڵسەنگێنەر، سەرپەرشتیاری ماستەرنامە، یان دکتۆرانامەی داواکار نەبووبێت.

١٤. داواکاریی کەسێک، کە لە کۆلێژێک کاربکات لە پسپۆریی خۆی نەبێت، دەنێرێت بۆ لیژنەی بەرزکردنەوەی کۆلێژێکی پسپۆڕ.

۱۸/

ژمارە: ۲۳۹۱ No:
ڕێکەوت: ۱۳/ ۲/ ۲۰۲۱ زایینی Date:
۲۰/ ۱۱/ ۲۷۲۰ی کوردیی

١٥. بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی لە زانکۆ تایبەتەکان, تەنها بۆ ستافی وانەوتنەوەی میلاکی زانکۆ تایبەتەکان دەکرێت, کە لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومی دانەمەزراون, هەر زانکۆیەکی تایبەت پێویستە مامەڵەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت/ فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی تایبەت و, لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی تایبەتەوە, بە نهێنیی مامەڵەکە ئاراستەی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە یەکێک لە زانکۆ حکومییەکان دەکرێت و, ئەنجامەکەی بەرزدەکاتەوە بۆ وەزارەت، لەلایەن زانکۆی تایبەتی پەیوەندییدارەوە, فەرمانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی دەردەکرێت و, پێویستە زانکۆ تایبەتەکە هەموو ئەرکە داراییەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

١٦. پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی ئەنجام نادرێت, ئەگەر داواکار خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ئەنجام نەدابێت.

١٧. (سەرۆکی زانکۆ، یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ، راگر) لە دڵنیایی جۆریی دەبورێن بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی و, هەروەها ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و, دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی و ئەنجومەنی کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان, ئەوانەی لە پلەی بەڕێوەبەر و بە سەرەوەن لە دڵنیایی جۆریی دەبورێن بۆ ئەو ساڵانەی کە لەو پلەیەدان.

١٨. داواکاری بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, مافی هەیە ناوی دوو هەڵسەنگێنەر بنووسێت کە نایەوێت توێژینەوەکانی بۆ ئەوان بنێررێت بۆ هەڵسەنگاندن.

١٩. توێژینەوەی هاوبەش, ئەگەر پێشتر بۆ بەرزکردنەوەی یەکێک لە توێژەرەکان نێرابوو بۆ هەڵسەنگاندن، لە کاتێک دا دوایی بۆ بەرزکردنەوە بۆ هەمان پلە و پلەیەکی خوارتر لە هەمان پسپۆریی پێشکەش بکرێت بۆ توێژەرێکی تر, دووبارە نانێررێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و, ئەنجامەکەی بە باش و خراپ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

٢٠. توێژینەوەی هاوبەش بۆ مەبەستی سوودمەند بوون بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان, هەتاکو توێژەری سێیەم ئەژمار دەکرێت و,بۆ زانستە پەتیی و پزیشکییەکان هەتاکو توێژەری چوارەم ئەژمار دەکرێت.

٢١. هەر توێژینەوەیەک, کە لە گۆڤارێکی زانستی ئاست بەرز کە (Impact Factor)ەکەی لە یەک کەمتر نەبێت بڵاو بکرێتەوە, بە مەرجێک گۆڤارەکە لە (Clarivate analytics) ئیندێکس کرابێت، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام نادرێت.

٢٢. ئەندامی دەستەی وانە وتنەوەی دامەزراو لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، دوای خانەنشینبوونی, یان دووبارە دامەزراندنی, یان گواستنەوەی بۆ دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی , مافی بەرزکردنەوەی پلەی زانستییان دەبێت لە حاڵەتی فەراهەم بوونی گشت مەرجەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی جگە لە مەرجی وانەوتنەوە.

٢٣. بەدەر لە حوکمەکانی مادەکانی پێشوو، دەشێت هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا, یان هاوتاکانی لە ڕووی زانستییەوە لە زانکۆکان بە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دابمەزرێت لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ, ئەگەر بۆ هەمان ماوە وانەوتنەوەی کردبێت, لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق و, دۆکیومێنتی باوەڕپێکراو پێشکەش بکات, لە وانەوتنەوە سەرکەوتوو بووە و, بەلایەنی کەمەوە, پێنج توێژینەوەی بەجێهێنابێت و بڵاوی کردبێتەوە و, توێژینەوەکان لە دوای هەڵسەنگاندن بە گوێرەی فۆرمی هەڵسەنگاندن, خاڵی پێویستیان بۆ پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر کۆکردبێتەوە، بە مەرجێک بە پرۆسەی هەڵێنجاندن (استلال) و, هەڵسەنگاندنی زانستیی تێپەر بێت.

٢٤. هەرکەسێک, بەدەر لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, پلەیەکی زانستیی بەخۆی بدات و, لە شوێنە گشتیی, یان تایبەتییەکان, یان لەسەر دۆکیومێنتەکان بەکاریبێنێت, کە بە ڕێگای فەرمیی وەرینەگرتبێت, ئەوا بەرامبەر بە یاسا بەرپرسیار دەبێت.

٢٥. لایەنە داراییەکانی پرۆسەی بەرزکردنەوە, بە فەرمانێکی کارگێریی دیار دەکرێت.

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة الإدارية و المالية
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارە: ٢٣٩١

Date: ڕێکەوت: ١٣ / ٢ / ٢٠٢١ زایینی
٢٥ / ١١ / ٢٧٢٠ی کوردیی

٢٦. ئەم ڕێنماییە, لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و, هەر ڕێنماییەکی تر, لەمەو پێش دەرچووە کە ناکۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە، ئەوا کاری پێناکرێت و، هەر مامەڵەیەک بەر لەو ڕێکەوتە پێشکەش کرابێت, هەتا کۆتاییەکەی و, هەر گۆڕانکارییەکیشی تێدا بکرێت, هەر بە ڕێنماییەکانی پێشووی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی, کاری لەسەر دەکرێت.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکییەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی، لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .

Kurdistan Region, Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
sa.directorate@mhe-krg.org
هەرێمی کوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەکی کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
Phone: ٠٦٦ ٢٥٦٢٢٩٦